هەرێمی کوردستانی عیراق

وەزارەتی پەروەردە

# یارییە بچوکەکان

## بۆ پەیمانگەکانی مامۆستایان

### بەشی پەروەردەی وەرزشی

### قۆناغی یەکەم



هەرێمی کوردستانی عیراق
وەزارەتی پەروەردە

# یارییە بچووکەکان

بۆ پەیمانگەکانی مامۆستایان
بەشی پەروەردەی وەرزشی
قوناغی یەکەم

ئامادە کردنی
محسن محمد غریب
سەرپەرشتیاری پەروەردەی
وەرزشی

چاپی یەکەم ٢٧٠٢ کوردی ٢٠٠٣ زایینی - ١٤٢٣ کۆچی
چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە - هەولێر

سەپەرشتی چاپ

محسن محمد غریب

# به ناوی خوای گەورە و میهرەبان

## ( پێشەکی )

پەروەردەی وەرزشی رۆڵێکی گرنگی هەیە لەم رۆژگارەدا لە ژیانی گەلان دا بە گشتی، چونکە پەیوەندی راستەوخۆی هەیە بە ژیانی رۆژانە بە شێوەیەک بۆتە هۆکارێك بۆ ئامادە کردنی هاوولاتی بەهێز و بەختیار تا ببێتە ئەندامێکی بە سوود و بە پەروەردەیەکی جەستەیی و دەروونی دروست و زانستانە پێبگەیەنرێت.

وەیارییە بچووکەکانیش بەشێکی گرنگە لە چالاکی قوتابخانەکان کەوا لە میانەی یارییە وەرزشیەکان ئەنجام دەدرێت لە وانەکانی پەروەردەی وەرزشی کە لە بنەما سەرەکیەکانی پرۆگرامی پەروەردەی وەرزشی دەژمێردرێت بە تایبەتی لە قوناغی سەرەتایی، ولە رێگای ئەم یارییانە منداڵان فێری بنەما سەرەکیەکان و کارامەییە جولەییەکان دەبن وەکو بنچینەیەك بۆ کارامەیی و یارییەکانی سەرەکی .

بۆیە ئێمەش لەم روانگەوەو بە خۆشحالیەوە لەسەر داواکاری وەزارەتی پەروەردە ئەم زانیارییە سەرەتاییانە دەخەینە بەردەستی قوتابیانی خۆشەویستمان لە پەیمانگای مامۆستایان تا لە ژیانی مامۆستایەتی وەکو سەرچاوەیەك بە کاری بهێنین ........ و لە کۆتایی، داوای لێ بووردن دەکەین لە رووی رێزمانی زمانەوانی .... لەگەڵ رێزو سوپاسم دا.

# ناوەڕۆك

## قۆناغی یەکەم/ المرحلة الاولى


١ـ چەمکەکانی گشتی یارییە بچووکەکان. (المفاهیم العامە لالعاب الصغیره)

٢ـ تایبەتمەندیەکانی یارییە بچووکەکان. (خصائص الالعاب الصغیره)

٣ـ یارییە بچووکەکان چییە؟ (ماهی الالعاب الصغیره)

ء ـ پێناسەی یارییە بچووکەکان. (تعریف الالعاب الصغیره)

ب ـ مەبەستەکانی یارییە بچووکەکان. (اغراض الالعاب الصغیره )

ج ـ گرنگی یارییە بچووکەکان . (اهمیە = = )

٤ـ خاسیەتەکانی یارییە بچووکەکان . (ممیزات الالعاب الصغیره)

٥ـ بەکار هێنانی یارییە بچووکەکان لەوانەکانی پەروەردەی وەرزشی.

(استعمالات الالعاب الصغیره فی دروس التربیە الریاضیة)

٦ـ یارییە بچووکەکان لە چالاکیەکانی دەرەوەکی پۆل

(الالعاب الصغیره فی الاعمال اللاصفیە)

٧ـ یارییە بچووکەکان لە کۆمەلگەدا . (الالعاب الصغیره فی المجتمع)

٨ـ بەهاکانی یاری. (قیم اللعب )

أ- بەهای لەش (جەستەیی) (القیمه البدنیه)

ب - بەهای حەسانەوە. (القیمه الترویحیه)

ج - بەهای رەوشتی . (القیمه الخلقیه)

د - بەهای کۆمەلآیەتی . (القیمه الاجتماعیه)

ه - بەهای هزروبیر . (ا لقیمه العقلیه )

و - بەهای تەندروستی. (القیمه الصحیه )

٩- بنچینەکانی هەڵبژاردنی یارییە بچووکەکان.

(اءسس اختیار الالعاب الصغیره)

١٠- جۆرەکانی یارییە بچووکەکان. (انواع الالعاب الصغیره)

١١- داوا کردن لە هەر قوتابیەك بە نووسینی (٣٠) یاری بچووك.

(تكليف كل طالب بكتابة (٣٠) لعبة صغيرة)

# چەمکەکانی گشتی یارییە بچووکەکان

## (المفاهیم العامە لالعاب الصغیر)

یارییە بچووکەکان بەشێك بوون لە کۆمەڵگای کۆن کە ناسراو بوو بە مێژووی مرۆڤ کە نموونەیی وەهەڵسەنگاندنی ئەم کۆمەڵگایەی دەنواند. ئەم یارییانە رۆڵێکی زیندوو دەبینێن لە گەشە کردن وپێشکەوتنی منالآن کە تا ئێستاش هەڵدەستی بەو ئەرکە زیندووە.

ژیان فێربوون و گەشە کردنە وئێمە فێردەبین کە قسەبکەین یا بخوێنیەوە یا تۆپین بکەین ویا لەگەڵ هاوڕێ کانی هاوتەمەنی خۆمان برۆین. ولە شتە هەرە گرنگەکانی فێرکردن کە رووبەرووی ئەو تازە پێگەیشتوانە دەبێتەوە لە تەمەنە جیاوازەکاندا کە دەبێ دابین بکرێ وەکو منالٚ بۆی هەبێ پێ بگاو پێش کەوێ وبە باشترین شێوە وەکو ئەوەی خوارەوە :-

١- فێرکردنی توانای جەستەیی پێویست بۆ بەشدار بوونی سەرکەوتوویی لە یاریەیە ئاساییەکان و لەوانەی کە منالٚ ئەنجامی دەدا لەداهاتوو وئەم توانایی یانەش ئەوانە دەگریتەوە/ـ هێزـ پشوودرێژیـ هاوسەنگی ـ دەرکەوتن ـ کات دانان ـ سووکی ـ جوانی ـ خێرایی ـ هاویشتن ـ بازدان .

٢ـ رێ کردنی قوتابی بۆ هاورێکانی لە هاو تەمەن بۆ خۆ گونجاندن وپێش کەوتنی کۆمەلآیەتی .

٣ـ پێك هێنانی بیرێکی پێگەیشتوانە لە خۆوەوبە پێك هێنانی هەست کردن بەرازی بوون (القناعە).

٤ـ ناسینی پایەی کۆمەلآیەتی کەسان لەلایەن ڕەگەزیەوە وهەلس وکەوت کردن لەسەر ئەم بنەمایە.

٥ ـ پێك هێنانی سەرەتاکان لە ڕێگای پێش خستنی رەوشتی چاك و ڕێزگرتن لە یاساکان.

٦ ـ فێربوونی هاوبەشی لە بەکارهێنانی کەل وپەلی وەرزشی وەریَ نەدان بە خەلّکانیتر بۆ بەکارهێنانی و ڕێزگرتن لە مافەکانی خەلّکی تر.

٧ ـ پێدانی هەلّ بە قوتابی و ئاگادار کردنی کەیاری ووەرزش دانراوە لە لایەن زانایانی دەروون کە ئەمەش شتێکی سروشتیە.

٨ ـ ئامادە کردنی زانیاری لەو یاریانە کە لە دەرەوەی قوتابخانە بەکار دەهێنریَ .

<u>تایبەتمەندیەکانی یارییە بچووکەکان</u> :ـ (خصائص الالعاب الصغیرە)

١ـ تایبەت دەبیَ ئەم یاریە بە دەرکەوتنی سەرکەوتوو وسەر کەوتوو بەسەرا، بە شێوەیەکی یەك کەرەوە کە ئەم شتە پسپۆریەکی بە سوودی لیَ دەردەچیَ.

٢ـ چالاکی بیری ودەروونی وگیانی بەرزی دەویَ وپێویستی بە پلەیەك ڕاهێنان وسەرنج دان وئاگادار کردنەوەهەیە.

٣ـ بە خۆنیشان دانێکی شارستانی دادەنریَ چونکە یارییەکانی کۆمەلگای کۆن دەژیێنتەوە وبەشداری دەکا لە زیندوو کردنەوەی کەلەپوور.

٤ـ وەرزش شتێکی خۆویستیە کەئەو کەسە بەویستی خۆی وبەبیَ زور لیَ کردن وناخۆشیَ ئەنجامی دەدات .

**یارییە بچووکەکان چین**: ـ (ماهی الالعاب الصغیرە)

پێناسەی یارییەکانی بچووک: (تعریف الالعاب الصغیرە) :ـ کۆمەلە یارییەکی هەمە لایەنە یاریزانێ یان زۆر ترئەنجامی دەدات ودابەش دەکرێ بۆ کۆمەلەکانی لەیەك چوو هەر کۆمەلێك جیاوازە لەوەی تر بەگوێرەی ئەو کارتێ کردنە پەروەردەیی وفێرکردنە وبە گوێرەی سروشتی چالاکی . وەهەروەها ناوبراوە بەم ناوە چونکە ئاسانە لە لایەن بنچینە ویاساکاندا وئەو مەرجانەی بۆی دانراوە.

**مەبەستەکانی یارییە بچووکەکان** :ـ (اغراض الالعاب الصغیرە)

یارییە بچووکەکان چالاکی‌یەکی ئەنجام دەرە بۆ هەموو ئاستەکان ودەبێ مەبەستەکانی روون بکرێتەوە وەکو هەموو چالاکی‌یەکانی تر ئەوانەی ئەنجام دەدرێن لە بواری پەروەردەی وەرزشی ومەبەستەکانی ئەم یارییە بچووکانە لەم چوارچێوەدا دەبێ : ـ

١ـ **گەشە کردنی جەستەیی** : ـ ئەم مەبەستە گرنگی دەدا بە پرۆگرامەکانی جووڵانەوە کەهێزی لەش پەیدا دەکات بۆمرۆڤ لەرێگای بەهێزکردنی ئامێری ماسولکەی جۆراوجۆر بۆ لەش .

٢ـ **گەشە کردنی جوڵەیی** :ـ جولەکانی لەش بەکەلك دەکات لەگەلْ ئەنجام دانی رادەیەکی کەم لەوزەو والە مرۆڤ دەکات بە توانا بێ وجولانەوەکانی جوان ورێك وپێك دەکات .

٣- **گەشە پێدانی‌بیری** :- گەشە پێدانی‌بیری و کۆ کردنەوەی شتەکانی ناسیاو وبایەخدان بە توانای بیرکردنەوە وشی کردنەوەی ئەو ناسیاوانە بە شێوەیەك ئەم جولە هەمە جۆرانە سەرکەوتوانە ئەنجام بدرێن.

٤ - گەشە پێدانی پەیوەندییەکانی مروڤایەتی: - کرداری خۆگونجانی کەسی وکۆمەڵی ویارمەتی مرۆڤ تاوەکو ببێتە ئەندامێکی بەکەڵك لەناو کۆمەڵگادا.

٥- گەشە کردنی تەندروستی جەستەیی ودەروونی وبیری:- چالاکی وەرزشی وئەنجام دانی یارییە بچووکەکان رەگەزێکی گرنگە لە رەگەزەکانی پاراستن (الحصانە) بۆ زیاد کردنی توانایی جەستە بۆ بەرگری کردن لە تووش بوونی هەندێ نەخۆشی.

گرنگی یارییە بچووکەکان : - (اهمیە الالعاب الصغیرە) یارییە بچووکەکان لە بالاترین شێوەکانی پەروەردەیی وەرزشی دەژمێردرێ وجێگایەکی پێش چاو داگیر دەکا لە نێوان یاری وچالاکی وەرزشی هەمەرەنگ وجۆراو جۆرەکان . وەبەشێکی گەورە لەمیانەی چالاکی وەرزشی پێك دێنی بە تایبەتی لەوانەکانی پەروەردەی وەرزشی.

٤- خاسیەتەکانی یارییە بچووکەکان:- (ممیزات الالعاب الصغیرە) ئەم یارییە بچووکانە وەکو بەهایەکی پەروەردەیی جیا دەکرێتەوەو رێ خۆش کەرن بۆ پەروەردە کردنی خووڕەوشتی بەرز. وەبوارە جۆراو جۆرەکانی یارییە بچووکەکان بەشداری دەکەن لەگەشانەوەی خاسیەتەکانی هەرەوەزی وپشت گرتن وبرایەتی ورێکخستن وملکەچی وداوێن پاکی وپشت بە خۆبەستن و تێکۆشان بۆ بەدەست هێنانی سەرکەوتن وئازایەتیە .

٥- بەکارهێنانەکانی یارییە بچووکەکان لەوانەکانی پەروەردەی وەرزشیدا:- (استعمالات الالعاب الصغیرە فی دروس التربیە الریاضیة)

١- پێشەکی/ پێك دێ لە راهێنانەکانی گەرم کردن.

٢- ئەم يارييانە لە جياتی ڕاهێنانەكانی جەستەیی وشێوەیی بەكاردەهێنرێت تاهەمان ويست وئامانج دابين بكات.

٣- دەبێ ئەم يارييانە يەكێك بن لە هۆيەكانی ڕاهێنان بۆ پێش خستنی مرۆڤ لە رووی دەرونی وجولەیی وبيری كۆمەلأيەتی .

**يارييە بچووكەكان لە كاروباری دەرەكييەكان دا : (اللاصفيه):-**

(الالعاب الصغيره فی اعمال اللاصفيه)

ئەم يارييانە دەتوانرێ ئەنجام بدرێ لە ناو قوتابخانەكان وەكو چالاكیيەكی دەرەوەی پۆل بە تايبەتی يارييە ميللی يەكان. ئەگەر هاتوو هەموو پێويستيەكی مادی بۆ دابين كرا. وەكو گۆرەپان وياريگا وئامێر لە لايەك و هەبوونی كاتێكی شياو بۆ ئەنجام دانی لەلايەكی ترەوە. بە تايبەتی لەو پشووانەی دەكەونە نێوان وانەكانە دوای نيوەڕۆ. چونكە ياری هۆيەكە بۆ گێرانەوەی چالاكی قوتابی. وەئێمە دەتوانين ئەم یایيانە ئەنجام بدەين بە، بەكار هێنانی لە ڕاهێنانە وەرزشیيەكان وەكو چالاكیيەكی دەرەوەی پۆل كە مامۆستا جێبەجێی دەكات بەگوێرەی برگەكانی پرۆگرامی چالاكیيە وەرزشیيەكانی قوتابخانە.

**يارييە بچووكەكان لە نێوان كۆمەلگادا: -(الالعاب الصغيره فی المجتمع )**

ئەم يارييە بچووكانە بە تايبەتی يارييە ميللی يەكان كاريگەريەكی قوليان لەسەرمرۆڤ و كۆمەلدا هەيە كە ئەنجام دانی دەبێتە هۆی بە دەست هێنانیهێزو چوست وچالاكی گيانی.

وەئەم ياريانە دەتوانرێ بەكا ر بهێنرێ لەم بوارانەی خوارەوە :-

١- خێوەتگای قوتابيان .

٢- چالاكیيە كۆمەلأيەتيەكان وەكو ئاهەنگ گێران.

٣- گەشت وسەیران.

٤ - كەنارو گەرماوەكانی مەلەوانی

**بەهاكانی یاری:-** (قیم اللعب) یاری شێوەیەكە لە شێوەكانی چالاكی مرۆڤ وشێوازیكی سروشتیيە وپێداویستێكی بنەرەتیە كەپالی پێوە دەنێ بۆ ئیش وجولان وچالاكی كە چێژو ئارام بوون دابین دەكات .

وە یاری راهێنانی سروشتیيە بۆهێزە هەمە رەنگەكانی مرۆڤ و رێگایەكە بۆ گەشە كردنی ئەم هێزانە وئەوانەش تەنیا بۆ منالأن ناگونجێ بەلْكو بۆ گەورەكانی هەردوو رەگەز دەگونجێ.

وە دەتوانرێ بەهای ئەم یارییە بچووكانە دەست نیشان بكرێن بەمانەی خوارەوە:

١- **بەهای جەستەیی:-** (القیمه البدنیه) ئەنجام دانی ئەم یارییە بچووكانە هۆیەكە بۆ دەست كەوتنی توانای جەستەیی لای مرۆڤ وهێز پێدان وجوانی لەش وخێرایی‌و نەرمی نواندن ودەست كەوتی بەرگری تەندروستی. وەهەروەها ئەنجام دانی ئەم یارییانە كار دەكەنە سەرهەستەكان و دەمارەكان وماسولكەكان و دەتوانرێ كاری ئەم وەرزشە جیا بكرێتەولە بەدی هێنانی تەندروستی گیانی لەمانەی خوارەوە:

أ - یاریدەدەرە بۆ گەشەپێدانی جەستەیی بەشێوەیەكی سروشتی دروست لە تەمەنە جیاجیاكاندا.

ب - گەشە پێدانی‌هاوتایی ماسولكە ودەمار.

ج - یاریدەدەرە بۆ بەهێزكردنی ماسولكە وئامێرە جۆراو جۆرەكانی لەش.

د - گەشە بەوزەی ئۆرگانی دەدات .

ه - توانای جولانەوەی بێ پایان وزیرەكی بەرز بە مرۆڤ دەبەخشێت.

و- گەشە بە توانای مرۆڤ دەدا لەبەرگری كردن لە خۆ.

٢- **بەهای حەسانەوە:** - (القیمه الترویحیه)

ئەنجام دانی ئەم یارییە بچووکانە مرۆڤ لەشوم وبێزاری دوور دەکاتەوەو گرژی لە گیانی مرۆڤ وتێك هەلچوون دوور دەخاتەوەو خۆشی وشادی دەخاتە دەروونیەوە.

٣- **بەهای رەوشتی** : - (القیمه الخلقیه) دەتوانین هۆکارەکانی ئەنجام دانی ئەم یارییە بچووکانە بۆ دابین کردنی بەهاکانی رەوشتی بەمانەی خوارەودابنێین.

أ - ئەم یارییە گیانێکی وەرزشی بەرز دروست دەکات لەرێزگرتنی یاساو دەست پاکی وئازایەتی و رابەرایەتی .

ب - جێگیرکردنی بەهاکانی شێوازی رەوشتی باش لەرێگای دووبارە کردنەوە تاوەکو دەبێتە راهاتێکی پێوەلکاو بۆی وببێتە بەشێك لە رەوشت وهەلس وکەوتی لە ژیانی تایبەتی وگشتی.

ج - گەشەپێدانی توانایی لەسەر کۆنترل کردن لەسەرگیانی خۆنەویستی وگۆرینی بۆ بەرژەوەندی گشتی .

د - گەشە پێدانی‌لایەنە کۆمەلایەتیەکان. چونکە زۆر لەم یارییانە پێویست دەکات بەهاوکاری کۆمەل ولایەن گیری وهەست کردن بە کۆمەل.

٤- **بەهای کۆمەلایەتی/**- (القیمه الاجتماعیه) ئەم یارییە بەشداری دەکات بە بەشداری‌یەکی پتەو لەبەهێزکردنی پەیوەندییەکانی کۆمەلایەتی بۆ مرۆڤ چونکە یارمەتیان دەدا لەگەشە پێدانی شێوازی هەست کردن بە جیاوازی کۆمەلایەتی.

٥- **بەهای هزرو بیر**:- (القیمه العقلیه) ئەم یاری‌یانە بەرێگایەکی راست دادەنرێت بۆ چالاکی گیانی وهزری وهۆشمەندی، ئەم جیاکەرەوەیە دەبێتە هۆی بەردەوام بوونی ژیانی داهاتوو.

٦- **بەهای تەندروستی** :- (القیمه الصحیه) ئەنجام دانی ئەم یارییە بچووکانە یەکێکە لە هۆیە گرنگەکانی کە ئامانجەکانی خۆپاراستن

دەینێتەدی چونکە کار دەکا بۆ گەشە پێدانی هۆشیاری و زانیاری‌یەکانی تەندروستی ساغ و یارمەتی دەدا لەسەرگەشە پێدانی‌لاریەکان وپاراستنەکانی هاندەری تەندروستی.

**بنەماکانی هەڵبژاردنی یارییە بچووکەکان** :- (اءسس اختيار الالعاب الصغيره)

مرۆڤ بە قۆناغەکانی جۆراوجۆر تێ دەپەڕێ ولە هەر قۆناغێك دا جیاکەرەوە وتایبەتمەندی وپێویستیەکانی لەوەی تر جیا دەکاتەوە ولەسەر مامۆستای یارییەکان پێویستە کاربکات لەگەڵ منالآن وتازە پێگەیشتووان ولاوان تا وەکو ئەم شتانەی باسمان کرد باش وەری بگرن و بۆ ئەوەی باش هەڵبژاردنی ئەم یارییانە دابین بکا و بۆ داڕێژتنی بەرنامەکان بەپێی ئەوەی بۆی دانراوە چونکە هۆیەکە بۆدابەش کردنی خاسیەتەکانی پەروەردە وفێرکردن.

وەهەندێ خالی گرنگ هەن کە دەبێ لەسەر شارەزای وەرزشی پەیرەوی‌یان بکات لەکاتی هەڵبژاردنی ئەم یاریانە.

وە دەتوانین ئەم خالانە بەم شێوەی خوارەوکورت بکەینەوە :-

أ - ئامانجی پەروەردە وفێرکردن.

ب - قۆناغی گەشە پێدان کەپێدا دەروات.

ج - جیاوازی‌یەکانی ڕەگەزی.

د - تایبەتمەندەکانی جیاکەرەوە بۆ پۆلی خوێندن.

ه - سروشتی جیاکەرەوبۆ وانەکانی پەروەردەی وەرزشی.

و – شوێنی یاری کردن.

**جۆرەکانی یارییە بچووکەکان**: ـ (انواع الالعاب الصغيرة) ئەم یارییە بچووکانە زۆرن وهەمە جۆرن و لەهەموو نووسراوە گرنگەکان ڕێک کەوتون وەدەست نیشانیان کردووە بە مانەی خوارەوە :-

**یەکەم**:- ئەم یارییە جیا دەکرێتەوە لەیاری‌یەکانی‌تر چونکە پێویست بە توانای جەستەیی زۆر ناکا بۆ ئەنجام دانی ولە گۆڕەپانێکی بچووک لە زەوی ئاسایی ئەنجام دەدرێت.

**دووەم**:- یارییە جوولێنەرەکان(العاب حركيه): ـ وەکو یارییەکانی ڕاکردن، بەدوای یەکتر کەوتن(المطارده)کە قوتابیان بە ئارەزوو وسۆزەوە وەری دەگرن.

**سێیەم** :- یارییە ئاسان ڕێک خستەکان: ـ پێک دێ لە هۆشیاری سەرەتایی وەکو هاویشتنی (ساپ) ئەم یارییە بەوە جیا دەکرێتەوە کە پێویستی تەنیا بە ئامێری سادە وگۆڕەپانی بچووک هەیە.

**چوارەم**/: ـ یاریەکانی بە تۆپ ـ ئەم یارییانە شوێنێکی گرنگ لە نێو کۆمەلە یارییە بچووکەکانی هەمەرەنگ داگیر دەکەن جگە لەوەی جیا دەکرێتەو بەهەندێ سوودی گرنگی جیاکەرەوە.

**پێنجەم** :- یارییە میللی یەکان ـ مەبەست لەم یاریانە ئەمانەن کە منالآن لەشەقام وشوێنە گشتی‌یەکان و لەگوندەکان ئەنجامی دەدەن و دەتوانرێ دابەش بکرێ بۆ دووجۆر:-

أ ـ یاری میللی یەکان کە هەلقولاون لە ژینگەی ناوخۆ وپێش کەوتوونیە.

ب ـ یارییە میللی یەکانی پێش کەوتووەکان/ـ دوای ئەوەی کە هەندێ گۆڕانکاری ڕاست کردنەوە لە ناوەکان ویاساکانیان ومەرجەکانیان کرا وەتاکو بگونجێت لەگەلْ وانەکانی پەروەردەی وەرزشی لە میانی قوتابخانە.

**شەشەم:** - یارییەکانی ڕێخۆش کەرو ئامادەیی /ـ ئەم جۆرە یارییانە جیا دەکرێتەوەو بەزۆری یاساکانیان ودیاری جۆرەکانیان ولە یارییە وەرزشییە گەورەکان دەچن لەمیانی لێ هاتووی جولانەوەو پلانەکان وبنچینەکانی یاری.

## هەندێك نموونە لە یارییە بچووکەکان :

### (١) یاری گۆڕینی جێگا بەڕاکردن

(لەوەرزی رۆژی خۆش دا)

ژمارەی قوتابیەکان ٢٠ ـ ٤٠

قوتابیەکان لەوێنەی بازنەیی‌دا رادەوەستن و، لەنێوان هەریەکێکیاندا دەبێت ماوەی هەنگاوێك هەبێت ورووویان لەیەکتری بێت ماموٚستا یەکێك لە قوتابیەکان، دەهێنێتە دەرەوە ـ ئینجا دەست دەکات بەیارییەکە. قوتابیەکەی دەرەوبەدەوری هاورێکانیدا ڕادەکات و دەسورێتەوە بە خێرایی دەست دەدات لە یەکێکیان بە ئارەزوی خۆی، پاشان رادەکات وقوتابی لێدراو بە شوێنیدا ڕادەکات، ئەگەر گیرا جێگای لێدراوەکە دەگرێتەوە وئەگەرنەگیرا- دووبارەی دەکاتەوە، و بەم شێوەیە ئینجا لێدراو بەدەوری بازنەکەدا دەسورێتەوە وڕادەکات ولە هاورێیەکی خۆی دەدات ـ یارییەکە بەو جۆرە ماوەیەك بەردەوام دەبێت وپاشان کۆتایی پێ دەهێنرێت.



## (٢) ((یاری نامەبردن))

(لەوەرزی خۆشدا دەکرێت)

ژمارەی قوتابیەکان ٣٠ ـ ٤٠ قوتابیین

قوتابییەکان لەوێنەی بازنەدا رادەوەستن . بەلام یەکێکیان لەناوەڕاستیاندا ڕادوەستێت . پاشان مامۆستا ناوی هەریەکەیان بەناوی ژمارەیەکە وەناو دەنێت بەمەرجێك ژمارەکان یەك لەدوای یەك بن، یان بەناوی شارانەوە ناویان دەنێت .

ئینجا لە لایەن قوتابی ناوەڕاستەوە یاری دەست پێ دەکات بۆ نموونە دەڵێت : شەمەندەفەر لە بەغداوە رۆیشت بۆهەولێر ـ لەوکاتەدا ئەو دووقوتابیانەی کە بەناوی ئەو دووشارەوە ناونراون ڕادەکەن بۆ ئەوەی جێگای یەکتری بگرن و هەروەهاش قوتابیەکەی ناوەراستیش خێرا ڕادەکات بۆ ئەوەی کە جێگای یەکێك یان بگرێت لەو سێ قوتابیانە هەرکامیان دواکەوتن ـ ئەوە لەناوڕاستی بازنەکەدا ڕادەوەستێت ویاری یەکە سەرلەنوێ دەست پێ دەکاتەوە بە شێوەی پێشوو .

تێبینی:- لەسەر مامۆستا پێویستە قوتابیەکان بەو جۆرە رابوەستێنێت کە ژمارەکانیان نزیك نەبن لە یەکتری وەکو ژمارە(١) لای ژمارە(٩)رابوەستێت ـ هەروەها بەم شێوەیە .



## (٣) ((یاری گرەو کردنی ریزەکان))

(لەوەرزی زستاندا)

ژمارەی قوتابیەکان لە ٢٠ ـ ٥٠ قوتابین

واباشترە قوتابیەکان بە دوورپێز زیاتر (ریزەکان لە پشت یەکەوە رابوەستن بە پێی ژمارەی قوتابیەکان، یەکەم قوتابی لەهەر ریزێکدا ئالایەکی بە دەستەوەیە، یان دەستە سرێك، بەدەستیانەوەیە لە پشت هاورێ کانیانەوە رادەکەن کە لەبەر دەمیانەو دەگەرێنەوە بۆ جێگاکانی خۆیان کتوپر کە گەیشتن ئالاکان دەدەن بەو هاورێیانەی کە لە تەنیشتیانەوەن هەروەها هەموو قوتابیەکان بە نۆبە ئەم جۆرە ڕاکردنە دەکەن بە مەرجێك هەموویان لە گەڕانەوەدا بەبەردەمی یەکەمدا بڕۆن ئەو ریزەی زوترو رێك تر یارییەکە تەواو دەکەن لە پێش ئەوانیتردا ئەو تیپەیان براوەیە.



## (٤) ((یاری سپی وسور))

### بۆهەمو وەرزێک

ژمارەی قوتابیان ٢٠ـ ٤٠

مامۆستا دووهێلی ڕاست لەسەر زەوی نەخش دەکات بە مەرجێك ماوەی نێوانیان (٢٠) یارد بێت وقوتابیەکانی دەکات بە دوو تیپی یەکسانەویەکێکیان ناودەنێت (سور) و ئەویتریان (سپی) مامۆستا دەتوانێت بە پەتی سور وسپی دوو تیپەکە لە یەکتری جیاواز بکاتەوە پاشان قوتابیەکان لە ناوەڕاستی هەردوو هێلەکەدا پشتاوپشت بە دوورپیز ڕادەوستن لێرەدا یارییەکە دەست پێ دەکات و مامۆستا دەلێت (سور) لە کاتێکدا کە قوتابیەکان گوێیان لێ بو، بەشی سورەکان رادەکەن بە هێلەکەی بەرامبەریان هەروەهاش قوتابیانی بەشی (سپی) رادەکەن بە شوێنیانا تا کو دەستیان لێبدەن ئەوانەی دەستیان بەرکەوت دەبێت راوەستن لەجێگای‌خۆیان دەبن بە(دیل ـ ئەسیر) لە جێگایەکی تایبەتی دادەنیشن پاشان دوو تیپەکە دەگەرێنەوە بۆ ناوەراست دووبارە مامۆستا ناوی رەنگێکی تر دەلێت زۆر جار وایە هەمان رەنگی جاری پێشو دەلێتەوە ومەرج وایە بانگ کردنی رەنگەکان بۆ هەردوو تیپەکە بە قەد یەك بێت بۆ ئەوەی لە کۆتایی یارییەکەدا بزانرێت کام تیپ زۆرتر(دیل ) یان داوە بە دەستەوە بۆ پاداشت وسزا وەرگرتن بە لاسایی دەنگی زیندەوەر یان ووتنەوەی ووتەیەکی نەستەق یا وشتێکی تر وەکو گۆرانی.



## (٥) ((یاری دەستە سر بیفرێنەو ڕاکە))

(وەرز هاوینە)

ژمارەی یاریکەران ١٦ تا ٤٠

مامۆستا قوتابیەکان بە دووریزی یەکسانەوە رادەوستێنێت بە مەرجێك ماوەیان (٤٠)یارد بێت و قوتابیانی هەردوو تیپەکە بە ژمارە ناو دەنێت دەستەسرێك نەختێك نزیك لە ریزێکیانەو لەسەر زەوی دادەنێت لێرەوە یاری دەست پێ دەکات مامۆستا دوو ژمارەی وەکویەك لە هەردوو ریزەکە بانگ دەکات ئەو قوتابیەی کەلە دەستەسرەکەوە نزیکە خێرا بۆی رادەکات کەهەلی بگرێت و بگەرێتەوجێگای خۆی هەروەها دوو قوتابی دووریزەکە رادەکەن بە شوێنیا کە دەستەسر فرێنەکە زووڕای کرد وهاورێکانی نەیان توانی دەستی لێ بدەن ـ ئەوا خالێك بۆ تیپەکەی دەنوسرێت بەلام ئەگەر گیراو دەستی بەرکەوت خالەکە بۆ تیپەکەی تریان دەنووسرێت هەروەها یارییەکە بەردەوام دەبێت دوودوو لە نێوان قوتابیانی دوو تیپەکەدا لە ئەنجامدا کام تیپ خالی زۆرتر گرتبوو ئەوەیان براوەیە.



## (٦)((یاری بەرگدروو وتی))

(وەرز بەهارە )

ژمارەی قوتابیان ١٦ـ ٣٢

قوتابیەکان لەوێنەی نیوبازنەیەکدا رادەوەستن و بۆماوەی (٣٠)یارد بەرامبەری هێلێکی راست نەخشە دەکرێت پێی دەڵێن (هێلی گەیاندن، هیوا)(ئامانج )، (هدف)لە ناوەراستی نێوان هێلەکەو نیوبازنەکەدا کورسی یەك دادەنرێت یەکێك لە قوتابیەکانی لەسەر دادەنیشێت لێرەدا یارییەکەدا دەست پێ دەکات مامۆستا لە قوتابیە دانیشتووی سەرکورسیەکە داوا دەکات و تووێژ بکات بە هەر زمانێك بێت بە مەرجێك لە تەواو بوونی قسەکانیدا پێیان بلێت (بەرگ دروـ ووتی) لە کاتێکدا قوتابیەکان گوێیان لەو ووتەیە بوو بە جارێك خێرا رادەکەن بۆ لای هێلەراستەکەی (گەیشتن بە هیوا) بەلام ئەوی سەرکورسیەکە بە شوێنیانا رادەکات ودەستی بەهەر کامیان کەوت پێش گەیشتنیان بە هێلەکە ئەو جێگای دەگرێت ،هەروەها یارینەکە ماوەیەك بەو جۆرە دەروات وکۆتایی پێ دەهێنرێت ، لە قوتابیەکان کامیان نەگیران ئەوەیان دەبێت بەیەکەم.

# (٧) ((یاری تارمایی))

(بۆ وەرزەکانی بەهارەو پایز)

ژمارەی قوتابیەکان ١٥ـ ٤٥

قوتابیەکان بە دوو ریزی یەکسانی بەرامبەر روو لەیەك رادەوەستن بە دوری (٤٠)پێو یەکێك لە نێوان هەردوو ریزەکاندا رادەوەستێنێت ئەو ناو دەنێین (تارمایی) لێرەدا یارییەکە دەست پێ دەکات مامۆستا ناوی قوتابیەك بە ئارەزووی بانگ دەکات لەکام ریز بێت ئەو قوتابیەش لە ریزەکەی تر ناوی قوتابیەکی تر بانگ دەکات وهەردووکیان رادەکەن کە جێگای یەکتری بگرن هەر لەوکاتەشدا قوتابی ناوەراست (تارمایی)یش رادەکات کەدەست لە یەکێکیان بدات ودەستی بەر هەرکامیان کەوت ئەوەیان جێگاکەی دەگرێت هەروەها یارییەکە چەند جارێك دەکرێت وکۆتایی دێت.



## (٨)((یاری بوەستە ))

(بۆ وەرزی زستان )

ژمارەی قوتابیەکان ـ ١٠ تا ٤٠

قوتابیەکان لە وێنەی بازنەیی‌دا رادەوەستن ومامۆستا هەریەکێ بە ناوی ژمارەیەکەوە ناویان دەنێت و یەکێك لە قوتابیەکان رادەوەستێنێت لە ناوەراستی بازنەکەدا کە توپێکی بە دەستەوەبێت لێرەدا یارییەکە دەست پێ دەکات ومامۆستا یەکێك لە قوتابیەکان بە ژمارەکەی خۆی بانگ دەکات ئەوەی ناوەراست تۆپەکە هەل دەدات بۆ قوتابی بانگ کراوە کە دەیگرێتەوە کە گرتیەوەدەلێت (بوەستە) لەم کاتەدا قوتابیەکان بە جارێك لە جێگای‌خۆیان رادەوەستن وتۆپەکەیان تێ‌دەگرێت بە مەرجێك نابێت خۆیان لێ بدەن ئەگەر بەرهەریەکێکیان کەوت جێگای‌یەکتری دەگرنەوەو ئەوانەی سێ‌جار هەلە بکەن لە یارییەکە دەردەکرێن وئەوانەی تۆپەکەیان بەردەکەوێت دەچێتە جێگای‌یەکەم ولە ناوەراستی بازنەکەدا رادەوەستێت بە تۆپەکەوە هەروەها یارییەکە دووبارە دەکرێتەوەچەند جارێك تا کۆتایی دێت.

## (٩) ((یاری بەندە کوێرەکە ))

(بۆ وەرزی هاوینە)

ژمارەی قوتابی ١٠تا٥٠ دەبن

قوتابیەکان لە وێنەی بازنەدا رادەوستن و یەکێکیان لە ناوەراستیاندا رادەوەستێت چاوی بەستراوەتەوە وگۆچانێکی بە دەستەوەیە لێرەدا . یارییەکە دەست پێ دەکات کە مامۆستا داوا لەقوتابیەکان دەکات بۆراست ویان بۆ چەپ سورێك بخۆن . ئینجا داوای راوەستانیان لێ دەکات هەروەها لە (بەندە کوێرەکە) داوا دەکات کە بەدارەکەی نیشانی یەکێکیان بکات و فەرمانی ئەدات بەسەردا کە لاسایی زیندەوەرویان باڵندەیەك (دەنگیان، یان خوێندنیان، یان حیلاندن ، یان زیرەیان) لاسایی بکاتەوبەمەرجێك لە ووتنی لاسایی کردنەوەکەیدا شێوەی دەنگی خۆی بگۆرێت بۆ ئەوەی (کوێرەکە)نەی ناسێتەوە ئەگەر ناسیەوە جێگاکەی ئەو دەگرێت و ئەگەر نەی دۆزیەوە یاریەکە جارێکی تر دووبارە دەکرێتەوە ماوەیەك یارییەکە دەکرێت وپاشان کۆتایی پێ دەهێنرێت.



## (١٠) (( یاری ژمارە نەزانراو ))

### (بۆ وەرزی هاوینە)

ژمارەی قوتابیان ١٦ تا ٣٤

قوتابیەکان بەدوو ریزی یەکسانی بەرامبەر بەیەك رادەوەستن وماوەیان لەیەکتر(١٠)یارد بێت وقوتابیەکانی هەردوو ریزەکە بە ژمارەی یەك لە دوای یەك ناودەنرێن وەکو (١، ٢، ٣، ٤، ٥) هتد.....

قوتابیەك لەهەر کام ریزیان بێت لە ناوەراستیاندا رادەوەستێت بە مەرجێك مامۆستا هەلی بژاردبێت و توپێکی دەدرێتە دەست لێرەدا یارییەکە دەست پێ دەکات قوتابی ناوەراست بانگی ژمارەی یەکێك لە قوتابیەکان دەکات لە هەر دوو ریزدا، پاشان تۆپەکە بە ئاسماندا هەل دەدات خاوەن ژمارەکە هەول دەدات دەست لە تۆپەکە بدات لەم دوانە کەمیان لە پێش ئەویتریانا دەستی بەر تۆپەکە کەوت ئەویان خالێك بۆ ریزکەی خۆی دەنوسێت ئینجا ئەوەیان کە دەستی بەر تۆپەکە ناکەوێت تۆپەکە هەل دەدات هەروەها یارییەکە بۆ ماوەیەکی تایبەتی درێژە دەکێشێت کام ریزیان زۆرتر خالیان هەبێت یارییەکە دەباتەوە.



## (١١) ((یاری پێش کەوتن لەراکردن دا))

(لەهەموو وەرزێکی خۆشدا دەکرێت )

ژمارەی یاریکەرەکان (١٦ . ٦٠)دەبێت

قوتابیەکان بە دووریزیان زیاتر لە پشت یەکەوە رادەوەستن بەمەرجێك (قوتابییەکان لە پشت یەکەوەبن) ویەکی ژمارەیەکیشیان دەدرێتی وەکو(١، ٢، ٣) هتد..... پاشان مامۆستا ژمارەیەك لە هەر ریزیك بانگ دەکات ئەمانەش خێرا رادەکەن بۆ پشت هاورێکانی دواوەیان ئینجا بۆ تەنیشتیان وبۆ بەردەمی یەکەم قوتابی ریزەکان یان لە تەنیشتەکەی تریانەوە بەرە وجێگاکانی خۆیان دەگەرێنەوە لە ئەنجامدا ئەوانەی زووتر بەبێ هەلە کردن دەگەرێنەوە شوێنەکانی خۆیان بۆ تیپەکەی خالێك دەنوسرێت هەروەها مامۆستا ژمارەی قوتابیانی تر بانگ دەکات یەك لە دوای یەك لە ریزەکان بۆ ئەوەی یاریکەرەکان ئاگاداربن ولە کۆتایی یارییەکەدا کام ریز زۆرتر خالی وەرگرتبێت ئەوەیان یەکەمی وەردەگرێت.



## (١٢) (( یاریی كوێره دەپشكنێ ))

(بۆ وەرزی زستانە )

ژمارەی قوتابیان ١٠ تا ٤٠

قوتابیەكان هەموویان لە یاریگا بڵاودەبنەوە مامۆستا چاوی یەكێكیان دەبەستێتەوە لێرەدا یارییەكە دەست پێ دەكات مامۆستا داوا لە قوتابیەكان دەكات كەبە ( هەنگەشەلی ) بڕۆن وهەروەها (چاوبەستراو . كوێره) هەول دەدات بە شوێنیاندا بگەڕێت . كە دەست بدات لە یەكێكیان لە ئەنجامدا كوێره دەستی بەر هەر قوتابیەك بكەوێت ئەوەیان دەچێتە شوێنەكەی و ئەو قوتابیەی قاچ دانی بۆ سەر زەوی دەبێت لە جێگای خۆی رابوەستێت ونەجولێت خۆ ئەگەركوێرەش دەستی بەری كەوت دەچێتە شوێنەكەی . هەروەها ئەم یارییە ماوەیەك درێژە دەكێشێت و پاشان كۆتایی پێ دەهێنرێت.



## (١٣) (( یاری گرەو كردن بە دوو تۆپ ))

(بۆ وەرزی بەهارو پایزە)

ژمارەی قوتابیەكان ١٦ـ ٦٠

مامۆستا قوتابیەكان دەكات بە دوو بەشی یەكسانەوەو سێ هێلی راست بەرامبەر بەیەك كە درێژی هەریەكەیان(٦٠) پێ بێت لەسەر زەوی دەكێشێت كەماوەی هێلێك بۆ ئەویتریان (٢) مەترە بێت. هەربەشێك لە قوتابیەكان لەسەر هێلێك ڕادەوەستن یەك لە پشت یەك وبە مەرجێك هێلی ناوەراست وازلێ بینرێت ومامۆستا بە هەر تیپە توپێكیان دەداتێت بەمەرجێك وەكو یەك بن. لێرەدا یاریەكە دەست پێ دەكات هەر ریزیك لە قوتابی یەكەمیەوە تۆپەكانیان بە نێوان قاچیان بەسەر هێلەكاندا بەرەو دواوەخلۆر دەكەنەوە وخلۆر كردنەوەی دووبارە بۆ پێشەوە لە ئەنجامدا ئەو ریزەی زووترو بێ هەلە كردن تۆپەكەیان خلۆر بكەنەوە لە هەردوو جارەكەدا خالێكیان بۆ (تۆمار)دەكرێت و لە كۆتایی یارییەكەدا كام ریزیان خالی زۆر تر بۆ نوسرابو ئەوەیان یەكەمە.......

<u>تێبینی/</u> ـ بەم شێوەیەش ئەم یارییە دەكرێت تۆپەكە كە گەیشتە قوتابی دوای ریزەكان پاش خلۆر كردنەوەیان قوتابی دوایی لە هەر ریزێك هەلی دەگرێت وبەلای چەپی ریزەكانیاندا بەڕاكردن دێنەوە بەردەمی قوتابی یەكەم رادەوەستن وتۆپەكە بە ناوقاچی هاورێكانیاندا خلۆر دەكەنەوەهەروەها كام ریزیان هەموو ئەندامەكانیان بە تەواوی وخێرایی و بێ هەلە كردن تەواویان كرد ، ئەوریزەیان یەكەمی وەردەگرێت .



## (١٤) (( ياری برايەتی ))

( بۆ وەرزی بەهارو پاییز )

ژمارەی قوتابیەکان ١٦ تا ٤٨ دەبن

قوتابیەکان بەدووبەشی یەکسانەوە لەسەر دوو هێڵی بازنەیی دابەش دەکرێن بازنەیەك لە دەرەوە و یەك لە ناوەراست دا ڕادەوستن بە مەرجێك هەر قوتابیەکی هێڵی بازنەی دەرەوە ببێتە هاورێ بۆ قوتابی بەرامبەری لە هێڵی بازنەی ناوەراستیدا لێرەدا یاری دەست پێ دەکات و مامۆستا بە قوتابیەکان رادەگەیەنێت کە بە پێچەوانەوەی یەکتر لەسەر هەدوو هێلەکەیان سوربخۆن پاشان دەیان وەستێنێت لەوەستاندا دەبێت هاورێکان یەکتر بدۆزنەوە ودەستیان بخەنە ناودەستی یەکتری ولە جێگای خۆیان دانیشن ئەو قوتابیەی لەهاورێکانی تری دوابکەوێت هەردووکیان دەکرێنە دەرەوە هەروەها ئەم یارییە ماوەیەکی دیاریکراو دەکرێت ولە کۆتاییدا ئەو دوو قوتابیەی تاکو دوای دەمێنێتەوە دەبن بەیەکەمی یارییەکەو بەخشیش وەردەگرن......



# (١٥) ((یاری زنجیرەی ڕاوکەر))

## (بۆ وەرزی زستانە)

ژمارەی قوتابیەکان ١٠تا٣٠

قوتابیـەکان بـە ئـارەزووی خۆیـان لـە یاریگـا بڵاودەبنـەوە مامۆسـتا بەیەکێکیان دەڵێت کە ڕابکات بە شـوێنیانا ودەسـتیان لێ بدات لـێرەوە یارییەکـە دەسـت پـێ دەکـات قوتابیەکـە لـە کـاتێکدا کـە بـە شـوێن هاوڕێیەکانیا ڕادەکات دەستی بەر هەرکامێکیان بکـەوێت دەستی دەگرێت لەگەڵ خۆیدا ڕای دەکێشێت ئەو دووانەش ڕادەکەن وهەوڵ دەدەن دەست بدەن لە سێیەم هەروەها دەستی ئەویش لەگەڵ خۆیان دەگرن تاوەکو وای لێدێت کە هـەموویان دەست بەیەکـەوە دەگرن و وەکو زنجیرەیـەکی ڕاوی درێژی گەورەی لێ دێت کە قوتابیەکانی تری پێ ڕاودەکەن (دەگرن) ئـەو قوتابیەی لە کۆتایی دادەمێنێتەوە وناگیرێت یەکەمین وەردەگرێت.



## (١٦) ((یاری گورگ ومەڕ))

(بۆ وەرزی بەهارو پاییزە )

ژمارەی قوتابیان ١٦ تا ٤٠

قوتابیەکان لە وێنەی بازنەییدا ڕادەوەستن ودەستی یەکتری دەگرن، مامۆستا قوتابیەك لێ هەل دەبژێرێت کە ببێتەگورگ ویەکێکی‌تریان ببێت بە (مەڕ) مەڕەکە لە ناوەڕاستیانا لە ناو بازنەکەدا ڕادەوستێت گورگەکەش لە دەرەوە رادەوەستێت ، لێرەدا یاری دەست پێ دەکات گورگەکە هەوڵ دەدات لە نێوان قوتابیەکانەوە بێتە ناوەوە ناو بازنەکەدا مەڕەکە بگرێت وبیخوات بەڵام قوتابیەکان نایەلن هەروەهاش مەڕەکە خۆی لە گورگەکە دەشارێتەوە، یارییەکە ماوەیەك درێژە دەکێشێت لە ئەنجامدا ئەگەر گورگەکە توانی بچێتە ناوەوەو مەڕەکە بگرێت بەسەر کەوتوو دەژمێردرێت. مەبەست وهیوا لەم یارییەدا یەکیەتی و یارمەتی دانە لە نێوان قوتابیەکاندا.



## (١٧) ((یاری زەوی ودەریا))

(وەرزی بەهارو پایزە )

ژمارە قوتابیان ١٦تا ٣٠ دەبێت

مامۆستا چەند بازنەیەك نەخشە دەكات كە نیوە (تیرەكە)یان (٢) پێ بێت وقوتابیەكان دەكات بەدووبەشی یەكسانەوەو هێڵە بازنەییەكان دەبێت ماوەیان لە (٣) پێ لە یەكتر دوور بێت قوتابیەكان لە دەرەوەی هێڵە بازنەییەكان دوودوو بەرامبەر بەیەك رادەوەستن، دەرەوەی هێڵە بازنەكان ناو دەنێن(زەوی) ناوەوەیان ناودەنێن (دەریا) لێرەدا یاری دەست پێ دەكات كاتێك مامۆستا ووتی (دەریا) قوتابیەكان بە هەل بەزین ویان بێهەل بەزین دەچنە ناو بازنەكانەوەو ئەگەر ووتی (زەوی) دێنە دەرەوە وهەروەها ئەگەر ووتی (زەوی و دەریا) قاچكێیان دەخەنە ناو بازنەكەو قاچەكەی تریان لە دەرەوە دەمێنێت هەربەم شێوەیە یاری ماوەیەك دەڕوات ئەوانەی هەلەی تێدا بكەن لە یارییەكە دەكرێنە دەرەوەوكام قوتابی یان كام كۆمەل بێت تاكو ئەوەی دوایی مایەوە ئەوەیان دەبێت بەیەكەم.



## (١٨) (( یاری ڕاوی مشك وپشیله))

(بۆ وەرزی بەهارو پاییزە )

ژمارەی قوتابیان ١٥تا ٤٠

هێڵێكی بە درێژی (٢٠) یارد لەسەر زەوی نەخش دەكرێت ناودەنرێت بە (هێڵی پاراستن) بە دوری (١٢) یارد لەم هێڵە كورسی یان مێز یان پەیژەیەك لە ناو یاریگا دادەنرێت و ناو دەنرێت جێگای خۆشاردنەوە لێرەدا یارییەكە دەست پێ دەكات قوتابییەكان لەسەر هێڵەكە ڕادەوەستن بەڵام یەكێكیان دەكرێت بە پشیلە لەسەر كورسیەكە ویان لە پشت كورسیەكەخۆی دەشارێتەوله كاتێكدا مامۆستا بە قوتابیەكانی سەر هێڵەكە ڕادەگەیەنێت كە لاسایی مشك دەكەنەوە كە بڕون بۆ پێشەوە نزیك پشیلەكە بكەونەوە بەدزە دزە لەكاتێكدا لێی نزیك دەبنەوە پشیلەكە پەلاماریان دەدات كە ڕاویان بكات وبیان گرێت، مشكەكانیش لە ترساندا دەگەڕێنەوە بەڕاكردن (بۆ هێڵی پاراستن )ە كەی خۆیان ئەوقوتابیەی پێش گەیشتنی بە هێڵەكە لە لایەن پشیلەكەوە گیرا جێگای یەكتری دەگۆڕنەوە ئینجا ئەمیان دەبێتە پشیلە یارییەكە ماوەیەك درێژەی پێ دەدرێت پاشان كۆتایی دێت.



## (١٩) ((یاری جالجالۆکە ومێش))

(بۆ وەرزی بەهار وپایزە )

ژمارەی قوتابیەکان ١٦تا ٤٠

قوتابیەکان یەك لە پشت یەکەوە لە وێنەی بازنەدا ڕادەوەستن ئەمانە لاسایی (مێش) دەکەنەوە یەکێکیانیش لە ناوەراستی بازنەکە ڕادەوەستێت لاسایی جالجالۆکە دەکاتەوە وردە وردە لە مێشەکان خۆی نزیك دەکاتەوە وهەول دەدات لە پر یەکێکیان بگرێت کەمێشەکان پێیان زانی هەل دەفرن و ڕادەکەن بۆ جێگایەکی تایبەتی کە مامۆستا بۆی داناوە پێی دەلێن (جێگای رزگاربوون) کە گەیشتنە ئەو جێگایە بۆ جالجالۆکەکە نیە ئیتر دەستیان لێ بدات و ڕاویان بکات بەلام ئەو قوتابیەی دەستی لێ دەدرێت ودەگیرێت ئینجا ئەویان دەبێت بە جالجالۆکە وهەروەها ئەم یارییە چەند جارێکی تر دووبارە دەکرێتەوە پاشان کۆتایی پێ دەهێنرێت.



## (٢٠) (( یاری لێدان بە تۆپ ))

(بۆ وەرزی بەهارە)

ژمارەی قوتابیان ٢٠ تا ٤٠

مامۆستا قوتابیەکانی دەکات بەدوو تیپی یەکسانەوە بەشی یەکەمیان هێڵێکی بازنەیی پێك دەهێنن و تۆپێك دەدرێتە دەست یەکێکیان بەڵام تیپی دووەمیان لە ناوەڕاستیانا ڕادەوەستن لێرەدا یاری دەست پێ دەکات لە کاتێکدا مامۆستا ئیشارەت دەدات ئەو تیپەی تۆپەکەیان پێیە دەیگرنە تیپی ناوەڕاست لە پشتینەکەیانەو بۆ قاچیان ئەوانەی تۆپەکەیان بەردەکەوێت لەیاریەکە دەکرێنە دەرەوە ولە جێگایەکی تایبەتی دادەنیشن هەروەها ئەم یارییە درێژە دەکێشێت تاوەکو لە ئەنجامدا تەنها یەکێکیان دەمێنێتەوە ئەوەیان یەکەمی وەردەگرێت وبەخشیشی دەدرێتێ.



تێبینی :-

١ـ ئەو تیپەی کە تۆپەکە هەل دەدەن دەتوانن بۆ یەکتری بهاوێژن( پاس) بدەن بە یەکتری بۆ ئەوەی سەرلەوانە بشێوێنن کە ڕاوەستاون لە ناوەڕاستی بازنەکەدا.

٢ـ زۆر یاری بچووکی میللی منداڵان هەیە مامۆستای بەڕێز دەتوانێت بە گۆڕین ویان بەلێ زیاد کردن وکەم کردن لە قوتابیەکانی وبیکات بە پەروەردەی وەرزشیدا بەپێی تواناییان وبەپێی وەرزەکان، لە ژینگەی دەوروبەر (بيئه ومحيط) یان بۆ ژیانەوەی یارییەکە کۆنە-مێژووی یەکانمان، لێرەدا مامۆستا دەتوانێت سود وەربگرێت لە (پەرتووکە فۆلکۆری یە یارییە کۆنەکانی کوردەواری).

٣- هەندێك جولانەوەو هەل بەزو دابەز. ویاری گشتی لە پلەو قۆناغی یەکەمدا بۆ پۆلەکانیبەرایی‌و بۆ قوناغی ساوایانیش ئەم مەشقانەی لای خوارەوەش دەدرێت بۆ ووریا بوونەوەی گشتی.

**١- مەشق کردن لەسەر ڕۆیشتن بە لاسایی کردنەوە:**

أ - ڕۆیشتن بەسەربەستی

ب - ڕۆیشتن لەجێگای‌خۆت

ج - ڕۆیشتن بە هێواشی .

د - ڕۆیشتن بە خێرایی .

و - ڕۆیشتن وەکو حوشتر.

خ - ڕۆیشتن وەکو کەلە شێر وورچ.

ع - ڕۆیشتن لەسەر قاچێك(هەنگە شەلە)

ر - ڕۆیشتن بۆ هەر کوێیەك.

ز - ڕۆیشتن بۆ ماوەیەك .

س - ڕۆیشتن وەکو کەروێشك.

ه - ڕۆیشتن وەکو ئاسك.

ص - ڕۆیشتن وەکو لەقەلق وقەل

ی - ڕۆیشتن وەکو مراوی - بۆق

غ - ڕۆیشتن وەکو مەیمون

٢- مەشقی لە جێگای خۆت ( مراوحە )

أ - بەڕاوەستان

ب - لەسەر یەك قاچ (هەنگە شەلە)

ج - خێراو، هێواش

د - بەوەرگەڕانەوە

و - لەگەڵ ڕۆیشتن

٣- مەشق كردن لەسەر ڕاكردن

أ - لە جێگای خۆت ڕاكردن.

ب - لەسەرخۆ ڕاكردن وەكو حوشترو فیل.

ج - خێرا، ڕاكردن وەكو شێر، پلنگ ومشك.

د -ڕاكردن بۆكوێ دەتەوێت.

و - ڕاكردن بە شوێن تۆپدا .

هـ - ڕاكردن وەكو(كەروێشك - مشك - پشیلە - مراوی - ئاسك - كەلەشێر - غاردانی ئەسپ - مەیمون - باز - ڕێوی - چەقەل - چۆلەكە .........هتد) .

٤- مەشقی هەڵ بەزین بە مۆسیقا(الایقاعیە ) كاتدار: -

أ - هەلبەزینی هێواشی لەسەرخۆ لە سەر زەوی و بە هاوسەنگی .

ب - هەلبەزینی بەرز لەسەرخۆ لە سەر زەوی و بە هاوسەنگی.

ج - هەلبەزینی بەرزتر لەسەرخۆ لە سەر زەوی و بە هاوسەنگی.

د - هەلبەزین لە جێگای خۆت لەگەڵ دەستەكان بۆ سەر (سەر) بۆسەر (شان - پێشەو- سەرەوە - تەنیشت).

و - هەلبەزین بە كردنەوەی هەر دوو باسك وهەردووقاچ.

هـ - هەلبەزین لەگەڵ دەست بۆ كەمەرو كردنەوەی هەردوو قاچ.

ر - هەلبەزین لە جێگای خۆت پاشان ڕۆیشتن پاشان لە جیّی خۆت.

ز - هەلبەزین وەکو کەروێشك ـ پشیلە ـ بۆق ـ مشك ـ تۆپ .

ن - هەلبەزین بەسەر ئەژنۆ ـ بەرد، چال ....هتد.

## ه - هەندێك نموونەی وەرزش کردن لە ژوری پۆلدا بە تایبەتی لە زستاندا:

١- ووریابوون بە لێدانی هەردوو لەپی دەست لە تەختەی دانیشتن.

٢- پشوو دان بە نوشتانەوەی هەردوو قۆل بۆ سنگ .

٣ - هەلسن، هەلسان لەسەر تەختەکە.

٤ - دانیشتن، دانیشتن لەسەر، تەختەکە.

٥ - بنون، سەر دەخەنە سەر تەختەکان و دەنون .

٦ - لەخەو هەلسن، سەر هەل دەبرن بۆ سەرەوە.

٧ - بنون، دووبارە لەم کاتەدا مامۆستا پێیان دەلێت کە هەندیك پرسیاریان لیّ دەکات تا وەلام بدەنەوەو وەکو(کیّ زیرەکە.! کیّ ژیرە ! کیّ ڕاست گۆیە ؟ کیّ وریایە ؟ .....هتد) یان (کیّ نان دەخوات؟ کیّ هەنگوین دەخوات؟ کیّ زەهر دەخوات؟ کیّ ئازایە؟ کیّ گەوجە؟.......... هتد.

ئەوانەی لەوەلامدانەوەدا هەلە دەکەن سزایان بۆ دادەنرێت.

٨ - کردنی (یاری )(بوم) مامۆستا ناوی قوتابیەکان بە ژمارە ناودەنێت لە (١ تا ٤٥) ئەگەر قوتابیەکان ژمارەکەیان ئەوەندە بوو، مامۆستا داوای ژماردن دەکات لە قوتابیەکان لە ژمارە (١)وە، داوای لیّ دەکات ئەوانەی ژمارە (٥)ن ویان چەند ئەوەندەی (٥) بن لە جیاتی ژمارەکەی خۆیان بلێن (بوم) لە ئەنجامدا ئەوانەی هەلە بکەن تیّ دەکەون وسزا دەدرێن .

٩ - یاری کردنی ـ (گەنم گەنم) بەژمارە.

١٠- یاری (پشیلە رۆیشت، لەسەر رانم، ویستم بتگرم کلاوەکەی فڕاندم) بە ئیشارەتەوماموٚستا بۆیان دەکات ئەوانەی هەلە دەکەن لە ریز دەر دەکرێن.

١١ - یاری کردنی( فری فری چۆلەکە فری)

١٢- یاری (هاورێکەت بناسە)

١٣- ئەنجام دانی چەند مەشق وجولانێك بۆ خۆگەرم کردنەوە وریا بونەوە وەکو (ناودەست لەیەك خستن، لێدانی ڕانەکان). هەردوو پاژنەکان لە دوای یەك بەزەوی دا دان.

١٤- فێرکردنی سرود وگۆرانی (میللی) و تایبەت بەقوتابخانە.

١٥- چیرۆکی لاسایی کردنەوەی وەرزشی بچووك.

١٦- (مەتەل) هەل هێنان وقسەی نەستەق.

١٧- گرەو کردنی هەندێك یاری بەپەراو وپێنوس وراستەو دەباشیر ....هتد کەمەشق بن بۆ وانەکانی ژمارە وزانیاریو مێژوو جوگرافیا .....هتد . (بەم یارییانە دەلێن یاری (یاری چەند) (لعبە کم).

وە لەکۆتایی داوا لەهەر قوتابیەك دەکرێ بۆ نووسینی (٣٠) یاری بچووك لەگەلٚ وێنەو هەموو داواکاریەکانی یاری. (تکلیف کل طالب بکتابە (٣٠) لعبە صغیرة)

## ((سەرچاوەكان))

الألعاب الصغيرة / تأليف السيد / كامل عبدالمنعم
والسيد / وديع ياسين محمد

مؤسسة دار الكتب للطباعة والنشر / ١٩٨١

ژمارەی سپاردن (٤٩٨) ساڵی ٢٠٠١ز
تیراژ (٢٥٠٠) دانە

چاپی یەکەم ٢٧٠٢ کوردی - ١٤٢٣ کۆچی - ٢٠٠٣ زایینی

چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە - هەولێر